# دیداری ئیمرالی: لە نێوان ع–ئۆجالان و پارێزەرانیدا ! !

وەرگێڕ هاوار

**December 01, 2005**

بەخێربێن، ئاوڕ لە پارێزەرێکی تازەی دەداتەوە، جەبابت لە کوێوە هاتوی؟ لە مێرسین هاتوی؟ دانیشتوی ئەوەیی وابزانم. محەمەد هات؟ *مەبەستی براکەیەتی–وەرگێر* (بەڵێ هاتوە). با کات باش بەکاربێنین، با سەرەتا لە ئێوەوە دەستپێبکەین، سەرتا زانیاریەکانتانم بە کورتی پێڕابگەیەنن. چی هەیە؟ بفەرمون"

(تێبینیەکی کۆنسەی بەڕێوبەر هەیە. لە تێبینیەکەدا دەوترێ" هەڤاڵێکی **HPG***هێزی پاراستنی گەل–وەرگێر* بەناوی **Sezai Karakuş** کەلە ئەستەنبول دەستگیر کرابوو، لەبەر ئەوەی پروپاگەندەی ئەوەی بەدژدا کراوە کە گوایە، پارەی گۆرگانی ڕاپاندنی خواردوە هەروەها لەبەر ئەوەی ژیانێکی لە دەرەوەی ژیانی ڕێکخستنی بەڕێوەبردوە دەستگیرکراوە، بەلاّم لە تێبینی کۆنسەی بەڕێوەبەرایەتیدا دەوترێت ئەم بانگەشانە کە دژ بەو هەڤاڵە کراون هیچ کامێکیان ڕاست نین، هەربۆیەش ئەو هەڤاڵە وەك کاردانەوە لەبەرامبەر ئەو بانگەشانەی کە بە دژی کراون، دوای بەجێهێشتنی نامەیەکی 7 لاپەڕەیی، لە زیندانی پیتی Fی "تەکیرداغ"ی شاری ئەستەنبولّ کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ! . لەنامەکەدا ئەو بانگەشانەی کە بەدژی ئەو کراون ڕەد دەکاتەوەو، پابەند بونی خۆی بە ئێوە نیشان دەدات و داوای لێبوردنتان لێ دەکات لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە ئەرکەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێ). چەند جێگای داخە، بۆچ شێوازێکی وای بەسەرکردەوە؟ بۆچی کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا؟ (لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە بانگەشەو قسانەی کە بەدژی کراون شایانی خۆی نەبینیوە) جا ئەمە چیە؟ دەربارەی کەسایەتی منیش سەدان شت نوسرا، بەلاّم بیرم لە ڕێگاو شێوازێکی بەو شێوەیە نەکردەوە، دەزانن خۆکوژی گوزارەکردنە لە بێهێزی! ! ؟. ئەوانەی بە هێزن هیچ کات بیر لە خۆکوژی ناکەنەوە، نەدەبوایە کەوتبایە ناو ڕەوشێکی بەو شێوەیە، هیوادارم پەندی لێ وەرگرن، بەڕێز و حورمەتەوە یادی دەکەمەوە. دەڵێن بە ئەرك ڕەوانەی ئەستەنبولّ کراوە؟ کێ ئەو ئەرکەی پێ سپاردوە؟ ئەرکێکی بەو شێوەیە وەك چەمك بەڕاست نازانم.

وەکوتر چی هەیە؟ (سەبارەت بەو هەڤالاّنەی کە پێش ماوەیەك لە نزیکی شاری موصلّ شەهید کرابون، پرسیارت کردبوو، یەکێك لەوانەی کە تۆ لە نزیکەوە دەیناسی، هەڤالّ "فواد"ە، هەڤالاّنی دیکەش ئەوانەبوون کە بۆ پاراستنی سەروەرییەکانی حزب ئەرکیان پێ درابوو، بەو شێوەیە وەلاّمی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە کە تۆ پرسیبووت.)

کام فواد؟ ئەوەی کە لەمێژە لەگەڵماندایە؟ ئەوانیدیکە خەڵکی باشوری ڕۆژئاوابوون؟ چ کاریان لەوێ هەبوو؟. (هەروەها دەوترێ ئەو پۆلیسە تورکانەی کەبەم دواییە لە موصلّ کوژران پەیوەندی بە ئێمەوە نیە! ئەو کارە لە لای ئەوان ئەنجام نەدراوە.) ئەوە زۆر گرنگە کە زانیم پەیوەندی بە ئێمەوە نیە. باشە ڕوننەبۆتەوە کە کێ ئەو کارەی ئەنجام داوە؟ (لە ڕاگەیاندنەکاندا دەوترێ کە سەرهەڵداوانی عەرەب ئەو کارەیان ئەنجامداوە). ئەوە پەیوەندی بەو دوو ڕوداوانەی دیکەوە هەیە! ! . لەنێوان هەردوو ڕوداوەکاندا لەیەکچونێك هەیە! ! . زۆر سەیرە 5 بە 5! ! .  باشە ئەو کەسانە ئاشکران کە هەڤالاّنی ئێمەیان شەهید کرد؟ (دەوترێ کە لە لایەن تیپەکانی ئیستخبارات و ئەوانەی کە لەلای ئێمە ڕایانکردووە ئەنجام دراوە). ئەمە تێڕوانینێکی گشتیە، ئەوە زۆر من ئیقناع ناکا! ! . ئەوان باش دەزانن کە من دژی ئەو جۆرە چەمکانەم. بەو شێوازە مرۆڤ بەڕێکردن شێوازی ئێمە نیە! . ئەوە بەواتای ئەوە دێت کە ئەو کەسانە بەڕێ بکەیت. ڕوداوی "کازم"یش بەهەمان شێوە بوو. ئەوە دابونەریتی چەڕی چڵکنە بۆیان بەجێماوە. لەوانەشە پرۆواکاسیۆن **Provocation** بێت. پێویستە ژیان و شێوازی ئێمە لەو چەوتیانە جیابکرێتەوە. موصلّ ئێستا لەژێر کۆنترۆلی کێیە؟ پێنج کەس لەناو یەك ئۆتۆمۆبێلدا دەگەڕێن. ئەو جۆرە شتانەم قەبولّ نیە. بۆچی ئەو پێنج کەسە بەو شێوەیە بەڕێ دەکەن. ئەنجامدانی ئەو کارە بەشێوەیەکی بابەتیانە **Objective** بەواتای نۆکەرایەتی کردن دێت. ئەوە ڕێگا لەبەردەم شەڕێکی چڵکن دەکاتەوە. وەکوتر چی هەیە؟

(جەمیل ئەسەد، مرد ویستمان بەناوی جەنابت نامەیەك بۆ پرسەی ئەو بنوسین) جەمیل ئەسەد مرد؟ مردنێکی ئاساییە؟ (بەڵێ، هەروەها ئەو نامەییەی کە پێش ئێستا بەناوی تۆمان بۆ دەوڵەتی سوریا نوسیبوو، تا ئێستا بەفەرمی هیچ وەلاّمێکمان پێنەگەیشتوە. بەلاّم لەم لاو ئەولا هەندێ جار دەوترێ هەڵوێستی سوریا لە بەرامبەر بزووتنەوە هەندێك گۆڕانی بەسەردا هاتووە! . هەروەها ئەو پێشنیار چارەییەی کە لە 10 خالّ پێکهاتبو وە لەلای ئێوە نوسرابوو، وەك نامەیەك پێشکەش بە هەموو دەزگاو دامەزراوەکانی حکومەت و پەرلەمانی ئەوروپا کرا، گرنگیەکی زۆری پێدرا، بەشێك لە ڕاپۆرتی یەکێتی ئەوروپا باس لە ناوەڕۆکی ئەو نامەیە دەکات، بەلاّم لە ڕاپۆرتی یەکێتی ئەوروپادا وەك پێویست بەڕونی باس لە کێشەی کورد ناکراوە. لەهەمان کاتدا زانیاریمان لەدەستدا هەیە کە لەپشت دەرگا داخراوەکاندا بە چڕو پڕی باس لەکێشەی کورد دەکرێت).

ئایا شیمانەی ئەوە دەکرێ کە هەندێ شت بە ووتە بووترێ؟ وابزانم هەندێ شت وەك ووتار باسی لێوە کراوە؟ ئایا سەبارەت بە ئێمە جارێکی دیکە شتێك لەنێوان ئەمریکا، ئەوروپا و تورکیا هەیە؟ ئایا وەلاّمێکی ئەو پاکێتەی کە لە 10 خالّ پێکهاتبوو دەدەنەوە. وابزانم جارێکی دیکە کۆبونەوەیەکی سێ قۆڵی لەلوتکەدا ساز دەکرێ؟. (بەڵێ دەوترێ لە ڕۆژانی داهاتودا ئەو کۆبونەوەیە دەبەسترێ). لەوانەیە هەڵوێستی ئێمە کە سورین لەسەر چارەسەرییەکی ئاشتیخوازانە ببێتە ڕۆژەڤی ئەوان. پەیامی من پێشکەشی کۆبونەوەی لوتکەی عێراق–ئەمریکا، تورکیا بکەن"

((ئەگەر سازشێك "موساومە" ئەنجام بدرێ، ئێمە ئامادەین، پێش ئێستا دوو نامەم بۆ سەرۆکایەتی حکومەتی تورك نوسیبوو، یەکێکیان لەوکاتەی کە "ع–گول" بوو، بەلاّم وەلاّمی یەکێکیانیشم پێ نەگەیشت. هەروەها نامەیەکی 19 لاپەڕەییم بۆ "ئەردۆغانە فەندی" نارد، ئەوە سێهەمین نامەو پەیامی منە! ناوەڕۆکی ئەو نامەیەتان ئێستا بۆ دەدرکێنم، ئەو وەلاّمەی کە سەرۆك وەزیر دەیداتەوە زۆر گرنگە، شانسی دوواییتانە، ئەگەر هەتا ئەو کاتەی کە بەفر لەسەر چیا سەرکەشەکانی کوردستاندا ڕەش دەبێتەوە، وەلاّمێکی ئەرێنیمان نەدەنەوە، ئەوا بەشێوەیەکی سروشتی گەریلا دەکەوێتە جولەو خۆی لە چوارچێوەی بزوتنەوەی سەرهەڵداندا ڕێکدەخات. بەلاّم ئەوە ویست و داخوازی ئێمە نیە، لەنامەکەدا بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە باسم لەوانە کردووە، نازانم کاردانەوەکان چۆن دەبێ. "لەیلا" پێش ئێستا بۆ ماوەی شەش مانگ داوای لێکردبووم کە مۆڵەتیان پێ بدەم، ئەو پێشنیارەی ئەوم لەجێگای خۆیدا بینی و ڕەچاوم کرد، وابزانم لە کردەوەشدا پیادەکرا. ئەگەر لە کۆبونەوەی لوتکەی عێراق–ئەمریکا و تورکیادا بڕیاری پاکتاوکردنی بزوتنەوەی ئێمە وەرگیرا، ئەوا هیچ شتێك کە من لێرە ئەنجامی بدەم نامێنێ. هەڵمەتی سێ لایەنەی هەرسێ ولاّت بەواتای بەسەرکردنەوەی ڕێگای پێکدادانی دژوار دێت، ئەوەش کاردانەوەیەکی دژوارتر لەگەڵ خۆیدا دێنێ. ئەو کاتە جگە لەوە با باش بزانرێ کە دەستکاری ناو تورکیاش دەکرێ، ئەو کاتە بەخۆیان دەزانن هۆکارەکانی بۆ چی و بۆ کێ دەگەڕێتەوە. ئێمە هەوڵماندا بەشێوەیەکی ئەرێنی سەربەست بەردانی "لەیلا زانا" و ئەوانی دیکە لێکبدەینەوە، بەلاّم ئەگەر هەڵمەتێکی سێ قۆڵیمان بۆ بێنن و بەشێوەیەکی ئەرێنی وەلاّمی نامەکەم نەدەنەوە، ئەوا بەشێوەیەکی سروشتی ڕەوشی فەلستین–چاچانستان لە تورکیا دوبارە

دەبێتەوە. ئەگەر ئەوانە دەیانەوێ کارێکی باش بۆ تورکیا بکەن، با هەوڵ بدەن تورکیا بەبێ قەزاو بەلاّ قۆناغی ئەندامبونی خۆی لەیەکێتی ئەوروپادا تێپەڕ بکات. ئەگەر دەیانەوێ لەتورکیا ئاشتی بێتە کایەوە، ئەوا مەرجە کە ئەردۆغان هەندێ هەنگاو بنێ. وابزانم ئەردۆغان 15ی ژانیوەری سەردانی دیاربەکر دەکات، بۆیە ئەو پەیامەی کە ئەو لەوێ دەیدا زۆر گرنگە، بەلاّم هەر شتێکی لەدەرەوەی ئەوە بەواتای ڕاگەیاندنی شەڕ دێت. من سەبارەت بە خۆم ئەوە ئەڵێم، لە مێشکی خۆتاندا باش بینوسن" من لەلایەنی فیزیکی، ورە، پسکۆلۆژی–دەرونی و لۆژیکی کۆمەلاّیەتیمەوە، ناتوانم بەو شێوەیە بەردەوام بم، نەبەهۆی ترسم لە سزای لەسێدارەدان و نەبەهۆی ترسێکی دیکەوە ئەو قسەیە دەکەم، بەڵکو سەرجەم بیروڕاکانم لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی چڕ و پڕەو و بەدڵ و بەگیان باوەڕم پێیەتی، بۆیەش ئەوەم وەك هێڵی سیاسی بۆخۆم هەڵبژارد. من لە کاتێکدا کە ئەربەکانیش لەسەر کورسی دەسەلاّت بوو منیش لە شام بووم هەمان نامەم نارد، بابیر لەوە نەکەنەوە کە گوایە من لەبەر ئەوەی لە زیندانم ئەو داواکارییانەیان ئاراستە دەکەم، ئەگەر وابێ با لەخۆیان بپرسن، ئایا کاتی پێشو کاتێ ئەو هەموو نامانەم لەپێناوی چارەسەری پێشکەش کرد لەدەرەوە نەبووم، ئایا ئەو کات هۆی ناردنی ئەو نامانەم چی بوو؟.

هەنگاو نەنان بۆ ئاشتی لەو قۆناغەدا بەواتای بڕیاردانە لەسەر شەڕێکی دژوار و کۆتایی هێنان بەخۆتان. ئەوە فەرزکردنی شەڕە بەسەر حکومەتیشەوە. بەلاّم ئەگەر دەڵێن نا، ئێوە بێهێزن، ئاشتی لەگەڵ تۆ نابێ، لەگەڵ سوریاو ئێران ڕێککەوتین، چاومان بە عێراق و ئەمریکا کەوت، لەگەڵ ئەوروپا ڕێککەوتین، لەجیهاندا گۆشەگیرمان کردی، لەژورەوەیەو بەو شێوەیە بەڕێوەی دەبەین، ئەگەر تەسلیمیش ببن قەبوڵتان ناکەین، شەڕ دەخوازین. ئەوا ئەنجامی ئەو قسەو بۆچونانە بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لە داسەپاندنی شەڕ، بەرپرسیارییەتی من کۆتایی پێ هاتوە، با ئەوانی خۆشمان باش تێبگەن، دەیانەوێ شەڕێکی ترمان بەسەردا بسەپێنن، بەشێوەیەکی موتڵەق دەیانەوێ لەناومان ببەن، ئەگەر لەو سێ چوار مانگەی داهاتودا شتێك نەکرێ، ئەوا بەواتای سوربون لەسەر لەناوبردنی ئێمە دێت، لێرەدا چ بە باش و چ بە خراپ هیچ شتێك لە ئەستۆ ناگرم، تاوەکو ئێستا لەپێناوی ئاشتی هەرچیەکی لەدەستم هات ئەنجامم دا، حکومەت من بەهەند وەرناگرێ، کۆنگرەی گەلیش من بەهەند وەرناگرێ، لەناو ڕەوشێکی گۆشەگیری چڕی دوولادام، لەو ڕەوشەشدا ئەوەندە قسەکردن بایەخی نیەو لەجێگای خۆیدا نیە، من کاتێك ئەوەم بەپێویست بینی لەپێناوی گەلی کورد و گەلی تورك ئەو کارەم ئەنجامدا، بەلاّم لەمەودوا هەناسەی من توانای ئەوەی نەماوە، ئەوە بەو واتایە نایە کە لە هێزکەوتوم و ناتوانم کار بکەم. من لەماوەی 20–30 ساڵ تێکۆشانم کرد هەر ئەوەندەم لەدەست هات کە کردم. ئەوەی کە ڕاکردوەکانیش ئەنجامیاندا لە بەرچاوانە، هەردەم بەدوای بەدەستخستنی سەرۆکایەتی سەختە دەگەڕێن. هەروەها ئەو هەڤاڵانەی کە خاوەن تواناش بوون هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکیان تەرخان کرد، بەلاّم سەرباری ئەوە هیچ وەلاّمێکمان پێ نەگەیشت. ئەمڕۆ چاچانستان کۆمارێکی سەربەخۆیە، فەلەستینیەکان بەڕێوەبەرایەتیەکی لە شێوەی دەوڵەتیان هەیە، خاوەن کۆلیژ و زانکۆی سەربەخۆن، بەلاّم لەلای ئێمە تاوەکو ئێستاش سیاسەتی ئینکار و لەناوبردن درێژەی هەیە، هەتا مافی پەخش و زمانیشمان پێنادەن، ئێمە لە وشترێك داوای گوێیەکمان کردووە، قوتابخانەی بە زمانی خۆڕسکمان نیە، بەشێوەیەکی ڕێك و پێك پەخشمان سەربەست نیە، باس لە دیموکراتیزەبوون دەکەن، ئەمەیە دیموکراتیزەبوون، ئەمە ناحەقیە لە گیانی دیموکراسی. گوایە پارتی کۆماری گەل **CHP** دیموکراتە، بەلاّم هیچ هەنگاوێکی دیموکراتی لەئارادا نیە، پارتی داد و گەشەپێدان **AKP** بەسودوەرگرتن لەو ڕەوشە هەموو بەرژەوەندیەکانی سەنتێزە دەکات و بەو شێوەیە بەڕێوەدەچێت، **AKP** بە هزری بازرگان بەڕێوەدەچێت، ئاشتی و **AKP** نەوتراوە، بیر لە ئاشتی لەنێوان فەلستین و ئیسرائیل دەکەنەوە، بەلاّم هیچ گرنگی بە ئاشتی ناوخۆ نادەن. گول گوایە لەپێناوی ئاشتی نێوان فەلستین=ئیسرائیل دەچێتە ناوچەکە ! ! بەلاّم ڕوداوەکانی ژێر لوتی خۆی نابینێ. کەواتە بەرژەوەندیتان لەشەڕدایە، هیچ بەلاتانەوە گرنگ نیە، سەرباز، پۆلیس، لاوی کورد دەکوژرێن یان نا. هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەگەر بیر لەوە نەکەنەوە هیچ ڕێگایەکی تر نیە کە **AKP** لەسەر پێی خۆی بوەستێ. **30** ساڵە ئەو سیستەمە بەو شێوەیە بەردەوام دەکات. سوپا بێهێز دەکەن، گەلی کورد بێ هێز و ئیرادە دەکەن، لە ئاکامدا ئاغا کوردەکان بەهێز دەبن و ئەوان لەو بازارە قازانج دەکەن، و باشیش بزانن بەو شێوەیە بڕوا کەمالیزم بێهێز دەبێت و ئەمریکا لەناوچەکەتاندا بەهێزدەبێت و قازانج دەکات. حکومەت هەوڵ دەدات نۆکەرە کوردەکان ئەوروپا و ئەمریکا هان بدات تا هەڵمەتێك لەسەر "پ ك ك" ئەنجام بدەن. ئێمە ووتمان بەتەواوی پشتگیری لە لوتکەی یەکێتی ئەوروپادا دەکەین. هیچ وەلاّمێکیش بۆ داواکارییەکانمان نەدرایەوە، ئەوە بەکوێمان دەگەیەنێت، دەوڵەتێکی وەك سیۆنیزمی پێکهاتو لە نۆکەرە کوردەکان جێگای باسە، لەژێر ناوی بەدەوڵەتبوونی نەتەوەپەرستی کوردی دەیانەوێ کوردان دژ بە ئێران و تورکیا بەکاربێنن، من هەوڵی ئاستەنگکردنی ئەو یارییەم دا لەڕابوردودا نەبوم بە ئامراز بۆ ئەو یارییە. ئەوانەی ئێمە لەبەرامبەر ئەو یارییەدا بێهێز دەمێنن، ئەو کەسە نزمەی کە پێی دەوترا برا، ئەویش چوە ناو باوەشی نەتەوەپەرستی، هەمان شت لە ساڵی **1948** لە فەلستینیش هاتە ئاراوە، ئەنجام" شەڕێکی دژوارببوو. چۆن ئیسرائیلیان دژ بە عەرەبەکان بەکار هێنا و عەرەبیان پەرێشان کرد. بەو شێوەیەش ئەو یارییەی کە چاوەڕوان دەکرێ، وەك ئەوە وایە کە برا لەگەڵ برا بەشەڕ بێنی، لێرەدا شەڕی کورد – تورك لەسەر ڕێگادایە. ئەمریکا هەوڵ دەدات هەردوولا بەکاربهێنێ. ئەوروپاش هەوڵێکی بەوشێوەیە دەدا لە داهاتودا. من لەبەر گرنگی ئەو کێشەیە هەوڵم دا. ئەگەر سەرۆك وەزیر*مەبەستی ئەردۆغانە–وەرگێر* بیر لە گەلەکەی دەکاتەوە ئەوا پێویستە هەنگاو بنێ، وابزانم ئەجەویدیش لێدوانێکی لەسەر هەمان بابەت ڕاگەیاندوە؟ "دەڵێت موصلێش بگرین". کام موصڵ و کام کەرکوك، باباش بزانن ئەگەر بەو شێوەیە بیر بکەنەوە، ئەوا دەتوانم بڵێم کەرکوك قودسی دوەمینە بۆیان، ئەو کاتە وەك دەریا خوێن دەبارێ، زۆر نارحەت دەبم! بەلاّم بەداخەوە ئەو خاڵەی کە پێی گەیشتوینە ئەو ڕاستیە تالاّنەن کە باسی لێوە دەکەم. کوشتنی "پ ك ك"ەییەکان و پۆلیسی تورك لە عێراقدا بەواتای دەسپێکردنی قۆناغی خوێنڕژان دێت. ئەوە هەنگاوی یەکەمیینە. تکام لە بەڕێز سەرۆك وەزیر کرد و ووتم ئاستەنگکردنی ئەو ڕەوشە لە دەستی تۆ دایە. ئێمە داوای مافی سروشتی دەکەین، ئەگەر ئەردۆغان بەقسەم بکات ئەوا ڕێگا لە دروستبونی سیۆنیزمی دووەم دەگیرێت کە بەڕای ئەوان جێگای باسە. من زۆر بە بەرپرسیارێتی هەڵوێستەم کرد. بۆچی سەرۆك وەزیر وەلاّمی نامەکانم ناداتەوە. من بە باوەڕی و خۆشەویستیەوە ئەو کارەم کرد بەلاّم وەلاّم نەبوو.

ئەنجام بەرەو شەڕ دەڕوات، ئەوەی کە لەمەودوا بێتە ئاراوە ئیتر سەرهەڵدانە. تەنانەت قۆتابخانەی سەرەتایی و تەلەفزیۆن و ڕادیۆش نادەن بەکورد. ئێوە دەڵێن لە تورکیا ئەشکەنجە لە ئاستی سفردایە، بەلاّم من دەڵێم لە تورکیا دیموکراسی لە ئاستی سفر دایە. ئەگەر لەمن بپرسن دەڵێم وەرن با بەیەکەوە لە ناو کۆمارێکی ئازاد و یەکگرتودا با کار بکەین. لە ڕابوردودا کەموکورتی هەردوو لامان هەبوو، با بەیەکەوە هەوڵ بدەین ئەو کەموکورتیانە تێبپەڕێنین. ئێمە دەڵێین با لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەینەوە، بەلاّم ئەگەر ئەوە نەیەتە کایەوە، ئەوە ناچارم تکا لە گەلەکەم بکەم کە خاوەنداریێتی لە زمان و کولتوری خۆیان بکەن. بەپێی یاسای بنەڕەتی یەکێتی ئەوروپا دەتوانن داوای ڕادیۆو تەلفزیۆن بکەن شان بەشانی قوتابخانە بەتایبەتی بۆ منالاّن و ژنان. با دەرکەونە کوچەو کۆلاّنەکان. ئەوەی خاوەنداریێتی لە زمانی دایکی نەکات ناکەوێتە ڕیزی مرۆڤ، ئەو کەسانەی کە خاوەنداریێتی لە زمانی خۆیان ناکەن حەرامزادەن منالّەکانیشیان حەرامزادە دەبن. فێربونی زمانی دایك مافێکی بنچینەییە. بەلاّم بەداخەوە سیاسەت وەك فێڵبازی لێکدەدرێتەوە. لایەنی بەرامبەر بەردەوام گۆڵ دەکات، لەڕاستیدا گۆڵچی لە ئارادا نیە ! !. لە سەدا سفر، لە دوسەدی سفر، لە سێسەدی سفر. ئەوانەی ئێمە هێشتان تێناگەن، ئەگەر خۆیان نەپارێزن یان ئەوەتا لەناویان دەبەن یان ئەوەتا خۆیان خۆیان لەناو دەبەن. ئەنجام بەرەو کوێ؟. بەرەو شەڕێکی کوێرانەو بێ لۆژیك دەڕوات. ئەمە شتێکی باش نیە، مرۆڤەکانی تورکیا شایەستەی ئەمە نین، لە ڕاستیدا بەراشکاوی دەمەوێ پێتان بڵێم لە کولتوری سیاسی مندا تۆڵەسەندنەوە باوی نیە. ما ئەو لاوو مرۆڤانە بۆ بمرن، لە جیاتی ئەوەی بیر لە ئاشتی نێوان ئیسرائیل–فلستین، بکەنەوە سەرەتا بیر لە ئاشتی وولاّتەکەتان بکەنەوە. بۆ فەلەستین **40**

تەقلە لێدەدات، *مەبەستی ئەردۆغانە-وەرگێر* کێشە دەسەڵاتە، کێشە بەرژەوەندی هەندێ هێزە. بە مەبەستی چارەسەری هەندێ شتم ووت، ئەگەر لە پێناوی ئاشتی و دیموکراسیدا شتێك نەکرێ ئەوا یەخەی یەکتری دەگرن. من ئیتر کارم پێ نیە، ئەوەی پێویست بوو بیڵێم ووتم. کەسێك کە لەناو ڕەوشی گۆشەگیری توند دایە، هەرئەوەندەی لەدەست دێت ناوەڕۆکی نامەکەم ئەمەیە".

ئەگەر هەنگاوی پێویست نەنرێ ئەوا گەل ئاراستەی خۆی دەگرێ. گەلەکەمان ناچارە خۆی سەفەربەر بکات، وەکو تر شتێکی تر کە پێمرابگەیەنن لاتان ماوە؟. (هەڤاڵێك لە ڕۆژنامەدا پەیامی بۆتان هەیە. بۆ ئەوەی کە ئەرکی پێدراوە لە ڕۆژنامەدا جێگای خۆی بگرێ سوپاس و پێزانینی خۆی ڕادەگەیەنێ و دەڵێ کاتێ تازە هات بۆ ئەو کارە بە پێویستی زانی نەوەك ئەوەی کەلە سەرەوە ئەرکی پێ دراوە هەڵوێستە بکات، بەڵکو بە چەمکی دیموکراسیەتی لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەستی بەکار کرد، ڕاستە ئەوە تۆزی زەحمەتە بەڵام ئەو شێوازەی بەڕاست بینیوە. لە قۆناغێکی وادا ڕاستەوخۆ نا بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕووبەڕی کۆسپ و تەگەرە بۆتەوە، هەروەها ڕادەگەیەنێ کە ڕووبەڕوی کێشەی مادی و کێشەی هەندی کەسان بۆتەوە، بەڵام هەوڵی داوە کە ئەمانە دەرباز بکات، وە دەڵێ ئەو گۆرەپانەی کە ئەو کاری تیادا دەکات گرنگی چەمکی دیموکراسی گەل لەخۆوە دەگرێ).

ئەو هەڤاڵە هێژایە ! ! کەم تا زیادە دەیناسم، ڕەنجی ئێوەش بۆ ئاشتی کە پێشکەشتان کردبوو دەزانم، هەڵوێستی بەرەچەلەکی باوك و دایکت دەناسم. ئەو پێشنیارەم لە هەڵومەرجێکدا کرد کە کەسایەتی، کەرەکتەری ئاشتی خوازی و پسپۆری تۆم لەبەرچاو گرت. بۆیەش بەبێ ئەوەی بەپێویست بزانم بیرو ڕات وەربگرم ڕاستەوخۆ پێشکەشم کردی. دەزانم کە گەل پێویستی بە ئاشتی هەیە، وە توانستی ئێوەشم بیی بۆیە ئەو پێشنیارەم کرد، ئەگەر زانیبام ئەو ڕێگایە زۆر ڕەحەت و بێ کۆسپ و تەگەرەیە، پێشنیارێکی بەو شێوەیەم ئاراستەی تۆ نەدەکرد. پێم وایە کە تۆ توانای خۆسازاندنت لەگەڵ زۆر کەسی جیاواز هەیە. دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ کەسانی ڕزگاربوو لە زیندان بەتایبەتیش هەڤاڵانی کچ ببەستن، دەتوانن دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەخش فراوان بکەن. سەبارەت بە هێڵی گشتیش دەتوانم چەند شتێك بڵێم" دەتوانن کار لەسەر دوو چەمکی جیاوازی دەوڵەتی نەتەوەیی و دەوڵەتی دیموکراتی بکەن. هەروەها دەتوانن لەسەر چەمکی کۆنفیدرالی دیموکراتی کار بکەن. هەروەها دەتوانن کار لەسەر نەتەوەپەرستی، مێژوی نەتەوەپەرستی، نەتەوەپەرستی و ئاین و شێوازی بەکارهێنانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەن، هەروەها دەتوانن کار لەسەر چەمکی ئازادی ژن بکەن. پێویستە چەمکی کۆنفدراسیۆنی دیموکراتی بگوازنەوە ناو گەل. هیوام وایە بتوانن ڕۆژنامەیەکی بەرفراوانتر و قوڵتر لەگەڵ دەستپێکردنی قۆناغی بەرفراوانکردنی یەکێتی ئەوروپا دەربخەن، سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم، ئاساییشی خۆتان بپارێزن، لە داهاتودا دەتوانن چەند ئەرکێکی سیاسی لە ئەستۆ بگرن.

وەکوتر چی هەیە؟.

(کۆبونەوەی بزوتنەوەی جڤاکی-کۆمەڵگای دیموکراسی دەستپێکرد، ئەو کۆبونەوەیەی کە لە دیاربەکر ئەنجام درا سەرکەوتو دەربازبوو، هەروەها چەند پرۆژەیەك سەبارەت بە کەسایەتی ئێوە پێشکەش کران).

بەو شێوەیەیە کە چاوەڕێمان دەکرد؟ (لەگەڵ ئەوەی هەموو شتێك وەك ئەوەی دەخوازرێ نایەتە کایەوە و هەندێك کێشەی پراتیکی هەن، لەهەمان کاتدا هەوڵ و کۆششێکی چرو پڕ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دەربازکردنیان لە ئارادایە).

پێویستە ئەنجامی کۆبونەوەکان وەك خۆی لە ڕاگەیاندندا ڕەنگ بداتەوە، چەند هەڤاڵێکی تورکیش دەتوانن بەشداری بکەن. ئەوە بەتەنیا پارتێکی کوردی نیە، ئەگەر زۆریش تەنگەتاو ببێ ناتوانێ ڕێگای نەتەوەپەرستی ئەتنیکی بەسەر بکاتەوە. پێویستە جیاوازی نێوان گەلی تورك-کورد هەڵگیرێ. ئەوەش بەتەواوی لەگوێ نۆرمی ئەوروپایە. تەواوی ئەو گەلانەی کە لەناو سنوری تورکیادا دەژین دەتوانن بەشداری تیادا بکەن.

(لەبەر ئەوەی بەڕاست نەزانرا کە داوا لەو ڕۆشەنبیرە تورکانەی کە ڕەخنەیان هەبوو بکرێ بۆ بەشداری کردن، بە پێویست زانرا لەسەر بنەمای داخوازی هاوبەش بانگەوازیان ئاراستە بکرێ).

دەبێ ئەوە بزانن کە ڕەوشی من چۆنەو من لەکوێ و لە بە چ حاڵێك قسە دەکەم.

من پێش ئێستا باسم لە چەمك و سیستەمی کۆنفیدرالی دیموکراتی کردبوو، لەسەر ئەوە گفتوگۆ هەیە؟ (زۆر نا، تا ئێستا بە تەواوی نەبۆتە ڕۆژەڤ). بۆچی؟ ئەوە زۆر گرنگە ئێستا پارتی کۆماری گەل **CHP**دەیەوێ سود لە تیۆرییەکانی ئێمەوە وەرگرێ، بەڵام پێمویە زۆر سەرکەوتو نابێ. جگە لەوە دەبێ بۆچونی من لەسەر سۆسیالیزم باش تێبگەن، کە بەم شێوەیەیە" "بە سۆسیالیزمی بنیادنراویشەوە، سەرجەم ئەو پێکهاتە سۆسیالیستیانە بەڕاست نابینم کە لەسەر بنەمای گەیشتن بە دەوڵەت و پیرۆزکردنی دەوڵەت هەڵسوکەوت دەکەن". بۆچونی من بۆ چەمکی کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی بەو شێوەیەیە" سۆسیالیزمێك کە هەڵومەرجی پێشکەوتنی دیموکراسی تێدا مسۆگەر ناکرێ ئاستەمە. دەوڵەتی سۆسیالیستی سۆڤیەت لە دەوڵەتی ڕاهیبی سۆمەر دەچوو، چینیش وایە، بۆیە ناتوانن لەبەرامبەر دەستپێشخەرییەکانی ئەمریکادا خۆڕاگرن. ڕەوشی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر تایبەتە، نەلە سەرەوە دەسەڵاتی ئەمریکا لەسەر خۆی پەسەند دەکات و نەلە خوارەوەش گەل. بەڕێوەبەرایەتیەکان لەم نێوەندەدا گۆشەگیر بوونە، یان ئەوەتا وەرچەرخانێك بەسەر خۆیاندا دێنن، یان ئەوەتا لەژێر دەستی ئەمریکادا بەمەزڵومی دەمێننەوە، یانی چۆن شەپۆلەکانی نەتەوەپەرستی لە داهاتودا لەو هەرێمە ژێرکەوتن، ئەمڕۆش بەهەمان شێوە سەرنەکەوتنیان مسۆگەرە. لێرەدا کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی باشترین چارەسەرییە بۆ ئەو هەرێمە. ئەمریکا بە هەوڵی هاندان و وروژاندنی نەتەوەپەرستی دەیەوێ سەد ساڵی تر ئەو ناوچەیە بە ژێرکەوتویی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی سەد ساڵی تریش نەدۆڕێنین پێویستیمان بە کۆنفدراسیۆنی دیموکراتی هەیە، کە پشت ئەستورە بە هێزی بنچینەیی گەل، لە خوارەوە بۆ سەرەوە، نەوەك لەسەرەوە هەموو شتێك فەرز بکات، ئەوە هێڵی بنچینەیی منە.

پێویستە سۆسیالیزمێك هەڵبژێرین کە بنچینەکەی دیموکراتی بێت، ئەگەر وا بێت تورکیا دیموکراتیزە ببێ، شان بەشانی دیموکراتیزەبوونی ئەوروپا و بزوتنەوەی کوردیش دیموکراتیزە ببێت، لەنێو ئەو هەموانە سەنتێزێك پێویستە، بە هەڵە لێم تێنەگەن من ناڵێم ئێستا تورکیا کۆنفدرالیزە ببێ، بەڵکو دەڵێم، با پێکهاتەی خۆی بپارێزێ، بەڵام دەبێ لە دەسەڵاتی دەوڵەتی ڕەها وەربچەرخێنرێت بۆ کۆمارێکی دیموکراتیانە. بۆ بەڕێز تاڵەبانی و بارزانیش هەمان شت دەڵێم لە جیاتی ئەو دەوڵەتۆکەیەی کە جێگای باسە پێویستە سەرەتا پێداویستیەکانی کۆنفیدرالی دیموکراتی کوردستان دەستەبەر بکەن. ئەو کاتە دەکرێت تورکیاش دۆستایەتی لەگەڵ ئەو پێکهاتەیە بکات. پێکهاتەی کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی کوردستانی لەسەر بنەمایەکی تەسکی نەتەوەپەرستی نیە، بەڵکو خۆ بەدورگرتنە لە نەتەوەپەرستی و کۆتایی هێنانە بە دەوڵەتێك کە نەتەوەپەرستان کۆنترۆڵی دەکەن، ئەمەش لەگەڵ قۆناغی دەستپێکردن و بە ئەندامبونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپادا دەگونجێت و دەبێتە سەنتێز. لەسەر ئەو بنەمایە داوا لە گەل دەکەم کە خۆیان سەفەربەر بکەن. هەروەها ئەوە پەیامی منە بۆ ساڵی نوێ.

جارێکی دیکە دوبارەی دەکەمەوە پێویستە دەوڵەتی تورکیا هەنگاو بۆ ئاشتی بنێت، پێشنیار بۆ کۆنگرەی گەلیش دەکەم کە ئەو پاکێتەی پێشو کە لە **10** خاڵ پێکهاتبوو پێشکەش بە کۆبونەوەی لوتکەی هەرسێ وڵاتی عێراق-ئەمریکا و تورکیای بکەن. ئەگەر پێویست بکا ئەو پەیامە لەڕێگای نێوبژیوانی کردنی "پارتی دیموکراتی کوردستان – **PDK** " ڕەوانە بکەن. پێموایە لەو یەك دوو مانگەی داهاتودا شتێك بەدیار دەکەوێ. کێشەیەکی سەد ساڵی بەو شێوەیە چارەسەر دەبێ!. پێشنیارم بۆ ڕاگەیاندنیش ئەوەیە کە چاودێری ئەو هێڵە بکەن، بەو

شێوەیە دەتوانین ئەو مەترسی و دڵەڕاوکێیانەی کە سەرچاوەکەیان بۆ نەتەوەپەرستی دەگەڕێتەوە بەلاوە بنێین. تیۆری کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی بۆ سەرجەم جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەمە دیاری ساڵی تازە، بەو بۆنەیەوە ساڵی **2005** یان لێ پیرۆز دەکەم.
باشە بەڕای ئێوە ژمارەی هێزی چەکداری "هێزی پاراستنی گەل=**HPG**" لە چ ئاستێکدایە، چەندە؟ (**8–7** هەزار کەسی پسپۆڕ). هەمویان لە ناوەوەی باکورن یان لە باشورن؟ (وابزانین نیوەی زیاتری لە باکورەوەیە). لە مێدیاکان و ڕاگەیاندندا هەردەم باس باسی قەندیلە وەکو بڵێی هەمویان لەوێ کۆبونەتەوە، بەگشتی لەوێنە؟ (باوەڕناکەین لەهەموو ناوچەکاندا بلاَون). دەتوانن لە ناوچەکانی برادۆستدا سازشێکی دیموکراسیانە لە گەڵ **YNK-PDK** دا ساز بکەن. (لەم لاو ئەو لا قسە لەسەر ئەوە ئەکرێ کە هەوڵدانێك هەیە بۆ ئەوەی خەڵکی ناوچەی برادۆست لەوێ ڕاگوێزی شارەکان بکەن). وابزانم هێزەکان زیاتر لە بادینانن وانیە؟ پێویستە گرنگی بە بۆتان بدرێ. ئایا لە ناوەوەی سنوری ئێراندا هێز هەیە؟ (هێزەکانی سەربە **PJAK** لەوێن). ئەی لە ئامەد؟ (دەوترێ لە هەموو ناوچەکاندا هەبونیان هەیە، زانیاری ئەوەمان لە بەرەستدا هەیە کە هێزەکان گەیشتونەتە سەر بەحری ڕەش). ئەو کاتە زۆر مەترسیدار دەبێ، بابەخۆیان بەڕێوەبەرایەتی خۆیان هەڵبژێرن، بەلاَم شێوازی خۆکوژی *أندحار–وەرگێر* بەڕاست نازانم، چونکە ئەوان ئامانجیان شەڕ نیە ئامانجیان پاراستنی تێکۆشانی ئازادیە، با ئەو تێکۆشانە بەدەستی خۆیان پێشبخەن.
وەکوتر چی ماوە پێمڕابگەیەنن؟ (پەیامی **PAJK** *پارتی ئازادی ژنانی کوردستان–وەرگێر* هەیە، کۆبونەوەیەکیان ئەنجامدا، ئەو پرۆژانەی لەچوارچێوەی وەرچەرخانی کەسایەتی پیاواندا ئەنجامدراون تاووتوێ کران، دەڵێن لە بەهاردا خولێکی تری پەروەردە لە هەمان چوارچێوەدا ئەنجام دەدرێ). سەبارەت بە ژنان دەتوانم بڵێم“ پێش ئێستا لەسەر ناسنامەی ژنی ئازاد کێیە؟ ژیانێکی چۆن؟ قسەم کردبوو، وتبوم با گەشە بە پەرتوکەکانیان بدەن، هەندێکیان دەتوانن لەسەر ئەوە قوڵببنەوە، هەڤاڵانی کچ کامیان چونەتە ڕیزی دەستەی بەڕێوەبەرایەتیەوە؟ (ئاسیا و زاخۆ لە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆلی جێگری سەرۆك دەبینن). باشە جێگرەکانی تر کێن؟ عەباس و کێی ترن؟ (ڕۆستەم هەیە). خەڵکی کوێیە؟ (خەڵکی باشوری ڕۆژئاوایە). پەلشین و ژیان لەناو خەباتدا جێگەی خۆیان دەگرن؟ (هەردوکیان لە ناو کۆمیسیۆنەکانی سەربە **PAJK** دا جێ دەگرن). سلاَوی من بەهەمویانیان بگەیەنن.
سلاَو لە هەموو لایەك بکەن.

دیداری ع–ئۆجالان لە گەڵ براکەی "محەمەد"

مەرحەبا چۆنی؟ (سوپاس تەندروستیت چۆنە؟ هەرکەس دەپرسێ). کێشەی تەندروستیم وەك جارانە گەلێك جار بەشەو وەکو بڵێی دەخنکێم، ئینتیهابم هەیە، کێشەی هەواستاندم بەردەوامە، وابزانم ئەو نەخۆشیە لە باوکم بۆم دەگەڕێتەوە (بەڵێ ڕاستە)، کەشو هەوای ئێرەش خاوەن ڕتوبەتە زۆر سەیرە، ئەگەر لەو بارەیەوە پارێزەر و پزیشکەکانم ئاگادار بکەیەوە زۆر باشە.
لە دەرەوە چی هەیە؟ ڕۆژەڤ چیە؟ (ڕۆژەڤ ئەو پێکهاتەیە تازەیەیە کە تازە دامەزراوە واتە بزاڤی کۆمەڵگای دیموکراتی) چۆنی دەبینی؟ (لەناو ئەو پێکهاتەیەدا کەسانی نەتەوەپەرست و کەسانی ناو **DEHAP** جێگای خۆیان تێدا دەگرن، ئەگەر کەمیش بێت هەندێ جار ئەو دوو لایەنە کێشەو تەنگوچەڵەمە ساز دەکەن، لە هەمان کاتدا هەردوو لاش زەحمەتی دەبینن) هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟ (هەرکەس دەیەوێ هێزی خۆی نیشان بدات). ئەو جۆرە شتانە دەبن، بەلاَم ئەمە شتێکی ڕاست نیە، گرنگ ئەوەیە ئەو کەسانەی کە لەناو ئەو بزوتنەوەیەدا جێگای خۆیان دەگرن بتوانن بەیەکەوە بگونجێن و بجولێنەوە بە هەموو لایەنەکانیشەوە، یەکێتیبوون مەرجە، دەتوانن زیاتر خۆیان فراوان بکەن، هەموو کەسێك لە هەموو چین و توێژەکاندا دەتوانن بەشداری بکەن، بەتەنیا پارتە کوردیەکان نا پێویستە سەرجەم چین و توێژ و ڕەگەزە جیاوازەکان جێگای خۆیان تیادا بکەنەوە.
(هەندێ بانگەشە دەکەن کە ژنان و لاوان لەناو ئەو بزوتنەوە نوێیەدا بێکاریگەر کراون). چۆن دەبێ، ژنان و لاوان مانتۆری بنچینەیی ئەو ڕێکخراوەن، بەلاَم بەداخەوە، گەلێك جار ژنان و لاوان لەلایەن هەندێ کەسایەتی و حزبەکاندا بەکار دەهێنرێن. لەو بارەیەوە زۆر نوسین و لێکۆڵینەوەم هەیە دەتوانن کەڵکی لێوەرگرن. لەو بارەیەوە ژنان و لاوان پێویستە تواناکانیان لەناو ئەو بزوتنەوەیەدا یەك بخەن.
(هەندێ هەڤاڵ کە تازە لە زیندان دەرچونە سلاوت لێ دەکەن) لەڕاستیدا ئەوانە خاوەن توان او قوڵبونەوەی بەرهەمی **20** ساڵن، نازانم بۆچی ئەوانە وەلاَمی دەزگاو دامەزراوە کۆمەلاَیەتیەکان نادەنەوە؟ (هەندێکیان کەم و کورتیان هەیە). مەبەستت چیە؟ (ئەوەی من بەدیم کرد ئەگەر بەشێوەیەکی گشتیش نەبێ هەندێ کەسی تایبەت چاویان لە بازرگانیکردن، توانەوە و کەوتونەتە ناو بێهێزی). ئەگەر کەوتبنەتە ناو ڕەوشێکی بەو شێوەیە خۆی لە خۆیدا کۆتاییان پێهاتوە. ئەو هەڤاڵانە بەگشتی پێویستە توانستەکانیان لە خزمەتی ئەو دەزگاو دامەزراوە نوێیانە بەکار بێنن، هەروەها پێویستە خۆیان لە خۆیان بپرسنەوە. با بەهەستیاریەوە چاودێری کەس و حزب بکەن، خۆیان نەکەن بە ئامراز بۆ بەکارهێنان، با پشتگیری لە سیاسەتی ئاکتیف و چالاك بکەن، هیچ پێویست ناکات بچنە دەرەوە.
وەکوتر چی هەیە؟ (ئەوانەی کە پێش ئێستا ڕایانکردبوو کێشەیان لەناوخۆ بۆ پەیدا بووە)کێشەی چۆن؟ (وەکو بیستومە "کانی، بۆتان و عوسمان" لەگەڵ یەکتری ناگونجێن). ئەوانە کۆتاییان پێهاتوە هیچیان لێ دەرناکەوێ.
وەکوتر تەماشای تەلفزیۆن دەکەی چی دەبینی؟ (ئەوەی من بەدی دەکەم، تەلفزیۆن بۆتە جێگایەك بەتەنیا بۆچونی چین و توێژێك تیایدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەوەش بەڕاست نابینم). لەوبارەیەوە دەبێ بەنیگایەکی دیموکراسیانە هەڵوێستە بکەن.
ئاگاداری کۆبونەوەی سێ قۆڵی لەئارادایە، ئەوەش مەترسیدارە، پێویستە چاودێری ئاکامەکەی بکرێ. وەکوتر ڕەوشی "کۆنگرەی گەل" چۆن دەبینی؟ (وەکو ئەوەی من دەبینم کێشەیەك لە ئارادا نیە) دوران، جەمیل، موراد، موستەفا بەشداری لە مێدیاکاندا دەکەن؟ (بەڵێ بەلاَم جەمیل زۆر نابینم) چیە کێشەی تەندروستی هەیە؟ (نازانم باوەڕکەم هیچ کێشەیەکی تەندروستی نیە).
باشە بەڕای تۆ ژمارەی هێزەکانی **HPG** چەندە؟ ( هیچ نازانم).
سلاَو لەهەر کەس سەرکەوتنت بۆ دەخوازم....کۆتایی.